# پرسی ڕیفراندۆم لە نێوان ناسیۆنالیزمی کورد و لیژنەی دەستورد

سامان ئەحمەد
samanahmadk@yahoo.com

**پارتی و یەکێتی و ڕیفراندۆم :**

دوای چەند ڕۆژ، لیژنەی دارشتنی دەستوری عێراق لەزاری بەها ئەلئەعرەجیەوە ئەو داوایەی یەکێتی و پارتی ڕەتکردەوە سەبارەت بەوەی لەدەستوری عێراقدا دوای 8 ساڵی دیکە کورد مافی ئەوەیان هەبێ ڕیفراندۆمێك بکەن.

هەرچەندە ئەم هەڵوێستەی لیژنەی دەستور بەو پێکهاتەو ناوەرۆکە دینی و قەومی و تایفی یە کۆنەپەرستانە و فاشیستانەی خۆیەوە شتێکی چاوەڕوانکراو بوو، بەڵام لەبەرئەوەی ئەم مەسەلەیە پەیوەندی بە خواست و ئارەزووی خەڵکی کوردستانەوە هەیە پێویستی بە ئاوڕدانەوەیەکی جدی هەیە.

ئەو پرسیارەی کە بۆچی پارتی و یەکێتی خۆیان باوەڕیان بە ڕیفراندۆم نیە و پرسی ڕیفراندۆمیان خستووەتە ناو پرۆژەکەی خۆیانەوەو بەو شێوەیە بۆ 8 ساڵی تر خستوویانەتە ڕوو؟ ئەم پرسیارە دەتوانێ وەڵامی سەرلێشێوێنەر و هەڵخەڵەتێنەر بهێنێتە ئاراوە.

پارتی و یەکێتی چەندین ساڵە بەبیانوو شێوازی جۆراوجۆر دژایەتی خواستی ڕیفراندۆم دەکەن ڕێگەیان نەداوە خەڵکی کوردستان لەدەوری ئەم ڕێگاچارەو خواستە بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان کۆببنەوە. تەنانەت ئەو لایەن و حزبانەی لایەنگری ڕیفراندۆم بوون بە تێکدەرو هەڕەشە بۆسەر یەکپارچەیی خاکی عێراق تاوانبارکردووە. بەندی 4 ی شکاتنامەکەی یەکێتی نیشتمانی دژی حککع باشترین بەڵگەی مێژوویی دژایەتی ناسیۆنالیزمی کوردە دژی پرسی ڕیفراندۆم و جیابوونەوەی کوردستان.

> بەڕێز حاکمی دادگای سەرەتایی سلێمانی
>
> شکاتکەر: بەڕێز وەزیری ناوخۆی هەرێمی کوردستان/عێراق،
>
> وەکیلەکەی لیوای پۆلیسی مافناسس نەزەر عەلی ئەکبەر، وەکیلی وەزیری ناوخۆ سەرباری وەزیفەکەی
>
> شکات لێکراو: حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق
>
> ٤- ئەم حیزبە هەستاوە بەناچارکردنی هاووڵاتیانو بەتایبەتی نەخوێندەوارەکان بۆئەوەی دەنگ بەجیابوونەوە لەعێراق بدەن، لەکاتێکدا ئەم جۆرە هەڵسوکەوتە زۆر مەترسی دەبێت لەسەر ئایندەی بزووتنەوەی کوردی لە کوردستانی عێراقدا کە ئامانجی یەکەمو بنەڕەتیی جێبەجێکردنی یەکێتیەکی فیدراڵیە کە حیزبە ئۆپۆزیسیۆنە عێراقیەکانیش تەئییدیان کردووە، نەك جیابوونەوە.
>
> داوا لە دادگا بەڕێزەکەتان دەکەین کە بەپێی بڕگەی یەکەمو دووەم لە ماددەی (17)ی ساڵی 1993 ئیجرائاتی یاسایی لەدژی ئەم حیزبە بکەن، ئەویش بەداخستنی هەموو نووسینگەکانی ئەم حیزبە لە هەرێمدا. چونکە ئەگەر ئیجرائاتی پێویست بۆ قەدەغەکردنی چالاکیەکانیان لە هەرێمدا نەگیرێتە بەر ئەم حیزبە دەبێتە مەترسیەکی تێکدەر بۆ سەر ئاسایشی ناوخۆو دەرەوەمان. ئاگادارمان بکەنەوە لەگەل رێزماندا.
>
> نەزەر عەلی ئەکبەر ـ لیوای پۆلیسی مافناس
>
> وەکیلی بەڕێز وەزیری ناوخۆ/ سەرباری وەزیفەکەی 2000/3/5

ناسیۆنالیزمی کورد نەك تەنها سەرکوتگەری هەرجۆرە بزووتنەوەیەك بۆ ڕیفراندۆم لەکوردستاندا بووە بەڵکو بە بەدکەڵك وەرگرتن لەم خواستەی خەڵکی کوردستان هەوڵی داوە ڕیفراندۆم بۆ ئامانج و دەسەڵات و دەستکەوتی زیاتری خۆی لە عێراقدا بەکاربهێنێ. لە کاتی پرۆسەی دارشتنی دەستوری کاتیدا بە نیاز و مەبەستی فشارخستنە سەر لایەنەکانی تری عێراق بۆئەوەی دان بە فیدرالیەت و داواکانی تریاندا بنێن مامەڵەیەکی تاکتیکی و فریوکارانەیان لەگەڵ ئەم مەسەلەیەدا کرد. سیناریۆی ( بزووتنەوەی ڕیفراندۆم لە کوردستان )یان سازدا و وەکو کارتێکی فشار بەکاریان هێنا. لەو کاتەدا خەڵکی کوردستان لەڕیفراندۆمێکی تەجرییی دا دەنگیان بەجیابوونەوەی کوردستان دا، ئەوانیش دوور لە هەر ڕەوشتێکی سیاسی سندووقەکانی دەنگی ملیۆنی خەڵکی کوردستانیان بۆ جیابوونەوە لە عێرق وەکو کارتێکی فشارگەیاندە بەغداو هەتا لەو دەستورە و ئارایشی مەجلیسی حوکمی عێراقدا کە خەڵکی کوردستان نایانەوێت تیایدا بژین دەسکەوت و ئیمتیازی زیاتریان دەست بکەوێت و پێی خۆیان قایم بکەن.

ئەمجارەش بۆ هەمان مەبەست بەڵام لەدەورەیەکی تر و تەرازوویەکی دیکەی هێزەکاندا لەکاتی دارشتنی دەستوری هەمیشەیی دا لەژێرلێوەوە ئەم کارتی فشارەیان هاویشتووەتە ناو پرۆژە پێشنیارکراوەکەی خۆیانەوە. بۆ ئەوەی لەکاتی ناڕازی بوون و کەوتنە خەتەری دەسەڵات و دەستکەوتەکانیان لە ئایندەدا جارێکی تر بەکاری بهێننەوە. هەربۆیە تەنانەت جورئەتی ئەوەیان نەبووە ڕیفراندۆم وەکو مافێکی دەستوری لە ئێستادا بۆ خەڵکی کوردستان بخەنەڕوو سپاردوویانە بەوەی دوای 8 ساڵی تر ئەنجام بدرێت. ئەگەر دوای 8 ساڵی تر کورسیەکانیان دەسەڵات و سەرمایە و بودجەکانیان بەدڵ نەبوو یان لێی کەمکرایەوە و ناڕازی بوون بەم کارتی فشاری ڕیفراندۆمە بەدەستی بهێننەوە.

لەلایەکی تریشەوە دەیانەوێ لەناو ڕیزەکانی خۆیان و خەڵکدا ڕووی خۆیان بەوە سپی بکەن کە ئەوان لایەنگری ڕیفراندۆم بوون لە دەستورو داوایان کردووە. بەڵام ئەو زاراوەی ( ڕیفراندۆم )ەی پارتی و یەکێتی خستوویانەتە پرۆژەکەیانەوە فڕی بەسەر خواست و پرسی ڕیفراندۆمی خەڵکی کوردستانەوە نی یە. ئەم چۆلەکە لامل بۆیاخکراوەی ئەوان بە نرخی ڕیفراندۆم قەبلاندوویانە هەرگیز ناتوانێ بەدەنگ و ئاوازی بولبول بخوێنێ.

**ڕیفراندۆم و دەستور :**

نەك لیژنەی داڕشتنی دەستور، ئەو پەرلەمانەش کە ئەو لیژنەیەی دیاریکردووە بۆ خۆی هیچ شەرعیەتێکی نیە، بەکردەوەش توانای هیچ بڕیاردانێکی نیە هەتا هێزەکانی پشت ئەم پەرلەمانە پێشتر تەوافوقی ژێربەژێری لەسەر نەکەن و پاشان پەنجەمۆری ئەم پەرلەمانەی لێ بدەن. چ جای ئەوەی بڕیار لەسەر ڕیفراندۆم بدەن. لەلایەکی تریشەوە تەرکیبی ئەم دەزگایانە بەچەشنێکە کە هەرگروپەی نوێنەرایەتی شۆفینیزم و کۆنەپەرستی قەومپەرستی و دین و مەزهەب و تایفەیەك دەکات، لە دەزگایەکی لەم جۆرەدا لەهیچ کام لەو هێزانەی تیایدا بەشدارن چاوەڕوانی خواست و بڕیارێکی ئینسانی ناکرێت جگە لەبڕیاری توندکردنەوەی کۆنەپەرستی شۆفینیزم. لەوێ شەڕ لەسەر هەموو شتێکە تەنها لەسەر خواست و داواکانی خەڵك نەبێ.

هەربۆیە خواستی ڕیفراندۆم لە دەزگایەکی لەم جۆرەدا بە ئاسمانەوە ڕەت دەکرێتەوە. یەکسانی ژن و پیاو، مافەکانی منداڵان و نەخۆش و پەککەوتەکان، مافە فەردی و مەدەنیەکانی خەڵك ، ئازادی سیاسی و بیروباوەڕ و عەقیدە و مانگرتن و خۆپیشاندان .. نەك هەر ڕەت دەکرێتەوە بەڵکو خەبەرێکی نیە. بەڵام تیایدا هەزارو یەك پێشنیار و بڕگەو بڕیاری شۆفینیستانە و کۆنەپەرستانە و دژی ئازادی دێت و دەچێ. لەم دەزگایانەدا شەڕ لەسەر خواست و داواکانی خەڵك نیە، شەڕ لەسەر دابەشکردنی دەسەڵات و دزینی پارەو پول و پارووی دەمی خەڵکی ئەم وڵاتەیە.

خەڵکی کوردستان هیچ خواست و مافێکیان لەم لیژنەی دەستور و بەناو پەرلەمان و حکومەتەدا نایەتەدی. تەنها بەهاتنەسەرجادەی خۆیان لە دەوری خواستی ڕیفراندۆم بۆ مانەوە یان جیابوونەوە لەعێراق دەتوانن ئەم خواستەی خۆیان بەسەر ئەم هێزانەدا بسەپێنن ، چی تر ڕێگا نەدەن ناسیۆنالیزمی کوردیش بازرگانی بەم خواست و ئارەزووەیانەوە بکات.

**2005/ 07 / 25**